# خۆپیشاندان جارێکی تر شاری کەلاری داگرت !!

ئەمڕۆ چوار شەممە خۆپیشاندان ومانگرتن شاری کەلاریشی گرتەوە ، دوا بەدوای خۆپیشاندانی شاری چەمچەماڵ کە رۆژی شەممە 8\6بەرێوە چوو و خەڵکی ئەو شارە زۆربەی جادەبانی ئەو شارەیان گرت ، و روو بەڕووی هێزەکانی یەکێتی نیشتمانی بوونەوە ، هەروەها شارەکانی دەربەندیخان و کفری و شۆرش خۆپیشاندان نارەزایەتی فراوانیان بەرپاکرد، شاری کەلار کە خەڵکێکی زۆری تێدا نیشتەجێ بوون و لە کەمترین خزمەتگوزاریەکان بەهرەمەندە ،ئەمرۆ 8\9خەڵکی ئەم شارە بۆ بەدیهاتنی داخوازیەکانیان دەستیان دایە مانگرتن و خۆپیشاندان بەدوای ئەوەدا دوکان و بازاریان داخست و لەناو گەرەکەکاندا دەستیان دایە خۆپیشاندان و ئاگر کردنەوە لەسەر جادەکان . خۆپیشاندانەکە کەوتە بەر هێرشی هێزە سەرکوتگەرەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و لاوێك نۆزدە ساڵە بە ناوی ئاریان مەحمود گوژرا و چەندان کەس برینداربوون بە دەیان کەس دەسگیرکران . سەرکوتگەری هێزەکانی یەکێتی نیشتمانی

ڕووی حکومەتی بەعسی سپی کردوە نەك حەملە دەکەنە سەر خۆپێشاندانەکان بەڵکە هەڵیان کوتاوەتە سەر ماڵلانی ئەوانەش کە بیر لە خۆپێشاندان دەکەنەوە ئەوەتا چەندان کەسی کۆمۆنیست و چەپیان لەشاری سلێمان ڕاپێچی زیندان کردووە . لە ماوە چەند مانگی ڕابردوودا ئەمە دووەم خۆپێشاندانی خەڵکی لەم شارەدا ، کە بە درندانە ترین شێوە هێرشی دەکرێتە سەر .

شایانی باسە خەڵکی ئەم شار و شارۆچکانە زۆربەیان کەس و کار و وەچەی بنەماڵەی ئەنفال کراوەکانن و زۆربەیان بێدەرامەت و هەژارن لەسەردەمی حکومەتی بەعسی گۆربەگۆر دا ڕاپێچکران لەلادێکانیانەوە بۆ ئەم شارانە . تا ئێستا ناسیۆناڵستەکان کە چەند ساڵە لەسەر ئەم کارە کۆمەڵ کوژیەی بەعس دەلەوەڕێن ، نەك هیچ خزمەتگوزاریەکیان بۆیان دابێن نەکردوە بەڵکو رۆژ لەگەڵ رۆژدا گوزەران و ژیانیان تەنگ تر و تەنگ تر دەبێتەوە .

سەرەتایی ترین پێویستیەکان خەڵك کە کارەباو ئاوی خواردنەوەو سوتەمەنیە حزبە ناسیۆناڵستەکان نەیانتوانیوە دابینی بکەن و لەبەر ڕاوڕووتی خۆیان ئاگایان لە کۆمەڵگە بڕاوە . لەبەرامبەر نارەزایەتی و خۆپێشاندانی خەڵکدا بەغەیری لولەی تفەنگ و گوللەباران کردن هیچ وەڵامێکی تریان پێ نیە .

ئێمە وێڕای ئەوەی بەهەموو توانامانەوە پشتیوانی لە خۆ پێشاندانی خەڵکی کەلار و چەمچەماڵ و باقی شارو شارۆچکەکان دەکەین ، هەروەها مەحکومی کارە سەرکوتگەریەکانی ناسیۆناڵزمی کورد بەتایبەت یەکێتی نیشتمانی دەکەین ، سەرانی ئەم حزبە تاوانبارن بەتۆمەتی گوللە باران کردنی خۆپێشاندانەکانی خەڵك و کرێکارانی چیمەنتۆ و هەتا ئێستا دەستیان چووەتە خوێنی سەدان کەسی نارازی لە کوردستاندا . نەك تەنها ئەوانەی تەقەیان کردوە تاوانبارن بەڵکو سەرانی یەکێتی نیشتمانی تاوانباری یەکەمن دەبێ دادگایی بکرێن .

خۆپێشاندان و مانگرتن مافێکی بێ ئەم لاو ئەو لای خەڵکەو کەس حەقی نیە داگیری بکات .

گیراوەکان دەبێ دەست بەجێ ئازاد بکرێن .

یەکێتی نیشتمانی و پارتی دیموکرات بەو دەلیلەی دەستیان بەسەر سەروەت و سامانی کۆمەڵگەدا گرتووە ، خۆیان وەك حاکم داسەپاندوە بەسەر خەڵکدا ، وەزیفەیانە داواکاریەکانی خەڵك وەڵام بدەنەوە ، بەزوو ترین کات ئاو کارەبا و سوتەمەنی و خزمەت گوزاریەکانی تر بۆ سەرجەم خەڵکی کوردستان دابێن بکەن .

کرێکاران ، ئازادیخوازان ، خەڵکی زەحەمەتکێش و ستەمدیدە!!

ناسیۆناڵزمی کورد و حزبەکانی لە ماوەی پانزە ساڵی رابردوودا بێ توانایی خۆیان لە بەڕێوە بردنی کۆمەڵگەدا پێشاندا و شانسی خۆیان تاقی کردەوە ، کاتی ئەوە هاتووە بەدیلی خۆتان ، دەسەڵاتداریتی شورایی هەڵبژێرن ، کە ئێوە خۆتان تەجروبەکانی شوراکانی ئازاری 1991 تان لە یادە ، پێویستە جارێکی تر وەك بەدیلی خۆتان بەدیلی کرێکاران و زەحمەتکێشان بی هێننە مەیدان، خۆتان لە شوراکانی گەرەك کارگەو کارخانەدا رێکبخەنەوە ، بەغەیری ئەوە ماندوو بوونتان دەچێتە گیرفانی بەشێکی تری بورجوازیەوە لەلیباسێکی تردا .

سەرکەوتوو بێت خۆپێشاندان و نارەزایەتیەکانی خەڵکی کوردستان

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراق

**2006 –8_9**